CARP
COVID 19 Adaptation and Recovery Pilot

# داواکاری بۆ پارەزوولێکردن (RFI)

## تاقیکاری گونجاندن و چاکبوونەوەی کۆڤید (CARP) عێراق

### پشتگیریی وەبەرهێنانی هاوبەش بۆ ستارتئەپەکان

GIZ ئەم داواکارییە بۆ بەرژەوەندی (RFI) بۆ یارمەتییە هاوبەشەکانی وەبەرهێنان بۆ ستارتئەپەکان (CI Grants) بۆ پڕۆژەی تاقیکاریی گونجاندن و چاکبوونەوەی (CARP) (COVID-19 دەردەکات.

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید-١٩ لە عێراق جەخت لەسەر کەرتی تەندروستی و تایبەت دەکاتەوە و هەوڵەکانی وڵات لە بەرەنگاربوونەوەی هەژاریدا دەگەڕێنێتەوەبۆ بۆ دواوە. سنووردارکردنی جووڵە، فشارەکانی نەختینەیی و نادڵنیایی کاریگەری وێرانکاری لەسەر بژێوی کەرتی تایبەت هەبووە، بەتایبەتی بۆ کۆمپانیا دانەمزراوەکان و هەروەها کۆمپانیا دامەزراووە بچووکەکان.پڕۆژەی تاقیکاریی گونجاندن و چاکبوونەوەی (CARP) (COVID-19: پاڵپشتیکردنی خۆڕاگری کۆمپانیاکان، دەستڕاگەیشتن بە دارایی و گەشەکردن لە عێراق ئامانجی پاڵپشتیکردنی خۆڕاگریی کۆمپانیا بچووک و مامناوەندەکان ("MSMEs") و بەردەوامیی ناوەندەکانیان لە دوای پەتای کۆڤید-١٩. پڕۆژەکە تیشک دەخاتە سەر بوژانەوەی کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکان لە کاریگەرییەکانی کۆڤید-١٩ لە لایەک لە هەمان کاتدا بناغە بۆ بەرنامەیەکی گەشەسەندنی زۆر گەورەتر لە لایەکی دیکە لە دەوری گشتگیری دارایی و ڕێوشوێنی پشتیوانی لە کۆمپانیا بچووک و ناوەندەکان دادەنێت.

ئەم پێکهاتەیە یەکەم پشتگیری لە فریاگوزاری دەستبەجێی کەرتی دارایی بچووک دەکات لە عێراق، لەوانەش خاوەن بزنسە بچووکەکانی فەرمی و نافەرمی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە.دوو کار و چالاکی سەرەکی لەبەرچاو دەگیرێن: (I) پشتگیری نەختینەیی کورتخایەن بۆ کەرتی نافەرمی لە ڕێگەی بودجەی ڕاستەوخۆ بۆ MFI شایستە لە شێوەی پشتگیری دارایی، و (II) پشتگیریکردن لە بانکی ناوەندی عێراق (CBI) بۆ پەرەپێدانی ڕێنماییەکانی NBFI، دامەزراندنی و بەکارهێنانی یەکەیەکی NBFI لە  بانکی ناوەندی عێراق (CBI) بە گرنگیدان بە بەهێزکردنی ژێرخانی دامەزراوەیی.

پێکهاتەی دووەم ئامانجی پشتگیریکردنە لە بەهێزکردنی کەرتی SME لە عێراق، بە گرنگیدان بە بزنسە بچووک و گەشەسەندووەکان (SGBs).دوو کار و چالاکی سەرەکی لەبەرچاو دەگیرێن: (I) بەرزکردنەوەی تواناکانی SME و خۆڕاگرییان لە ڕێگەی فێربوونی هەمەچەشن، کۆبونەکان، و پشتگیرییە هاوتاکان، و (II) بەکارهێنانی وەبەرهێنانی تایبەت لە کۆمپانیا بچووکەکانی عێراق لە ڕێگەی ژینگەی  پشگتیری دارایی . یارمەتییەکانی CI بەشێکن لە پێکهاتەی لاوەکی 2.2.

پڕۆژەی CARP دارایی لەلایەن بانکی نێودەوڵەتی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان (بانکی جیهانی)ەوە دابین دەکرێت و لەلایەن GIZ بە نوێنەرایەتی وەزارەتی دارایی عێراقەوە جێبەجێ دەکرێت.

خەرجکردنی ئەو یارمەتییە مەرجدارە بە بەردەستبوونی ئەو پارەیەی لە وەزارەتی دارایی عێراقەوە وەربگیرێت.

~~This document presents the requirements that interested partners must provide to potentially be invited to become investor partners for the Co-Investment Grants.~~

### پشتگیرییەکانی وەبەرهێنانی هاوبەش

یارمەتییەکانی وەبەرهێنانی هاوبەش پارەی تەواوکەر دابین دەکەن بۆ ستارتئەپەکان و کۆمپانیاکانی SGB کە توانای کۆکردنەوەی زۆرینەی خولێکی وەبەرهێنانیان هەیە کە لەلایەن هاوبەشە شایستەکانی وەبەرهێنانی هاوبەش ("CI") کە لەلایەن پڕۆژەی CARPەوە ڕیزکراون. ئامانج لەم یارمەتییانە بریتی دەبێت لە پڕکردنەوەی کەمییەکانی بودجە- لە دەرەوەی ئەوەی کە وەبەرهێنەران ئامادەن بیکەن- کە یارمەتی کۆمپانیاکانی قۆناغی سەرەتایی دەدات گەشە بکەن لە هەمان کاتدا هاندانی وەبەرهێنانی تایبەت. یارمەتی CI بۆ هەر داواکارێک 250,000 دۆلارە و نابێت لە 3/1ی خولی دارایی ئێستا زیاتر نەبێت.

پشتگیری دارایی کراوە لەلایەن:

IRAQ REFORM, RECOVERY & RECONSTRUCTION FUND

جێبەجێ دەکرێت لەلاین:

giz Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ) GmbH

CARP
COVID 19 Adaptation and Recovery Pilot

## کەمترین پێوەرەکانی شایستەیی بۆ CI Grant

کۆمپانیا سودمەندەکان دەبێت ستارتئەپ، کۆمپانیاکانی قۆناغی سەرەتایی و گەشەکردن، و بزنسە بچووک و گەشەسەندووەکان (SGBs) بن، کە لە ئێستادا سەرمایەی وەبەرهێنان کۆدەکەنەوە، بە ئەگەرێکی زۆرەوە لە قۆناغەکانی تۆو تا زنجیرەی A (یان بەکارهێنانی ئامرازە هاوتاکانی تر).

ئەو کۆمپانیایانە کە داوای یارمەتی وەبەرهێنانی هاوبەش دەکەن دەبێت ئەم پێوەرانەی خوارەوە بەدی بهێنن:


- کۆمپانیایەک بێت کە بە شێوەیەکی یاسایی لە عێراق تۆمار کراوە و بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە دەرەوەی عێراق کار بکات؛
- دەبێت ستارتئەپ، قۆناغی سەرەتایی یان بزنسێکی بچووک و گەشەسەندوو بێت؛
- خاوەندارێتی تەواو یان بەشێکی لەلایەن قەوارەیەکی کەرتی گشتیەوە نییە لە عێراق.
- بەڕێوەبردنی جێبەجێکار، بەڕێوەبەر، یان خاوەن پشکەکانی نییە کە تاکێک بن کە پۆستی سیاسی یان بەرپرسی حکومییان لە عێراقدا هەیە، یان بە هەر شێوەیەک بێت لە ڕووی سیاسییەوە بەژداربن.
- سەرمایەی پێشووی لایەنی سێیەم کە کۆکراوەتەوە لە ٥٠٠ هەزار دۆلار زیاتر نییە
- وەبەرهێنانی لایەنی سێیەم لە 1,500,000 دۆلار زیاتر نییە
- بۆ ئەو کۆمپانیایانە کە لە هاوبەشی CI کۆدەکەنەوە، هاوبەشی CI دەبێت وەبەرهێنەرێکی سەرەکی یان چالاک بێت لە خولەکەدا.
- داهاتی ساڵانەی ساڵی پێشوو لە 2,000,000 دۆلار زیاتر نەبێت؛
- بەشداریکردن نییە لەو چالاکییانەی کە لە لیستی نەرێنی لە ESMFدان. (هاوپێچی سێیەم)

هەروەها ئەو کۆمپانیایانە کە یارمەتی پێش وەبەرهێنان (PI)یان وەرگرتووە، شایستەی یارمەتییەکانی وەبەرهێنانی هاوبەش دەبن ئەگەر وەبەرهێنانی تایبەتی دەرەکییان ڕاکێشابێت/مسۆگەر کردبێت.

## پرۆسەی هەڵبژاردن

سودمەندانی یارمەتی CI دەبێت وەبەرهێنانی تایبەت لە هاوبەشەکانی وەبەرهێنانی هاوبەش (هاوبەشانی CI) دەستەبەر بکەن. تاکە ئیستسنای ئەم یاسایە ئەو داواکارانەی یارمەتی CI دەبن کە پێشتر یارمەتی PI یان وەرگرتووە و لەوانەیە وەبەرهێنان لە وەبەرهێنەرانی تر جگە لە هاوبەشە شایستە CIەکان کۆبکەنەوە.

ستارتئەپەکانی CARP CI دەستڕاگەیشتن بە یارمەتییەکانی CI بە گەرەنتی وەرناگرن چونکە کۆمپانیا وەبەرهێنەرەکان هێشتا پێویستیان بە جێبەجێکردنی مەرجەکانی شایستەیی دەبێت، داواکارییەکان پێویستە بە تەواوی پێشکەش بکرێن، و پارێزبەندییە ستانداردەکانی WB و پرۆسەکانی متمانەپێکردن پەیڕەو دەکرێن.




## سکرینکردنی شایستەیی

GIZ پێداچوونەوەی سەرەتایی بە داواکارییەکانی ستارتئەپاکانی پارمەتی وەبەرهێنانی هاوبەش ئەنجام دەدات بۆ پشتراستکردنەوەی ئەوەی کە زانیاری و کەرەستەی پێویست بە تەواوی پێشکەش کراون – هەروەها شایستەیی گشتی داواکار.

ئەو داواکاریانەی کە لە سکرینکردنی شایستەیی دەردەچن هەڵسەنگاندنێکی سەرەتاییان بۆ دەکرێت بۆ دەستنیشانکردنی مەترسیە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان و دانانی ڕێوشوێنی کەمکردنەوەی گونجاو بۆ چالاکییەکانی پرۆژەکە، لە شوێنی پێویستدا. هەڵسەنگاندنەکە لە ڕێگەی لیستی پشکنینی سکرینکردن بۆ داواکاران (هاوپێچی ٣) و لیستی دەرکردنی پرۆژەی CARP (هاوپێچی ٥) ئەنجام دەدرێت، کە کۆمپانیای داواکار پێویستە وەک بەشێک لە پرۆسەی داواکاری تەواو بکات.

## هۆکارەکان بۆ ڕەچاوکردن و پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن

بۆ پارمەتییەکانی وەبەرهێنانی هاوبەش، هۆکاری سەرەکی بۆ پەسەندکردنی سودمەند ئامادەیی وەبەرهێنەرێکی تایبەتی شایستەی CARP دەبێت بۆ وەبەرهێنان لە کۆمپانیاکەدا.

پرۆسەی هەڵبژاردنی پارمەتی وەبەرهێنانی هاوبەش لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە. خاوەنکارەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیار دەبن لە پێشکەشکردنی کەرەستەی داواکاری و پەیوەندیکردن لەگەڵ CARP؛ بەڵام، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە CARP داوا دەکات کە وەبەرهێنەر(ەکان) زانیاری تەواوکەر پێشکەش بکەن، وەک یاداشتێکی وەبەرهێنان یان پوختەی لێکۆڵینەوەی پێویست.

CARP
COVID 19 Adaptation and Recovery Pilot

## پاپەندبوونەکان

GIZ ئەو تێچوونانە ناداتەوە کە لە ئامادەکردنی وەڵامێکدا تووشی بوون بۆ وەڵامدەرەوەکان، هەروەها دەرکردنی ئەم RFI GIZ پابەند ناکات بە پێدانی یارمەتی، گرێبەستی لاوەکی، یان فەرمانی کڕین. ئەگەر دەرکەوت کە داواکارێک ئیدیعا یان لێدوانی درۆ یان چەواشەکارانەی داوە، زانیاری نهێنی بەدەستهێناوە، یان یارمەتی نادروستی وەرگرتووە، GIZ مافی خۆیەتی RFI ڕەت بکاتەوە کە لەلایەن داواکارێکەوە یان بەناوی داواکارێکەوە پێشکەش کراوە.

## پاراستنی نهێنی

هەموو ئەو زانیاریانەی کە لە ژێر ئەم پرۆژەیەدا پێشکەش بە GIZ دەکرێن لەوانەش ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن GIZ لە ڕێگەی پرۆسەی سکرینکردنەوە بەدەست هاتوون بە تەواوی بە نهێنی دەمێننەوە و لە دەرەوەی ئەندامانی پەیوەندیدار لە هەڵسەنگێنەران، و تیمی بەڕێوەبردنی GIZ و ستافی بڵاوناکرێنەوە.

## ڕوونکردنەوە لەسەر پێشکەشکردنەکان

لەوانەیە GIZ داوا لە وەڵامدەرەوە بکات کە زانیاری زیاتر پێشکەش بکات بۆ ئەوەی باشتر حوکم لەسەر وەڵامێک بدات. پرسیارەکانی داواکار دەتوانرێت لە ڕێگەی carp@giz.de بنێردرێت بۆ GIZ

## ئاگادارکردنەوەکان

لەگەڵ وەرگرتن و پێداچوونەوە بە داواکارییەکان، GIZ هاوبەشە سەرکەوتووەکان ئاگادار دەکاتەوە، ئەگەر هەبن، کە بۆ خولی داهاتو هەڵبژێردراون.